## گفتوگۆی ڕۆژنامەنووسێکی ئەرژەنتینی

# لەگەڵ سلاڤۆی ژیژەک



و. شێروان ئیبراهیم

**دواجار کەی سەردانی ئەرژەنتینت کرد؟**

**ژیژەک:** نزیکەی دە ساڵ پێش ئێستا.

**چی شتێکی ئەو کاتەی ئەرژەنتینت لەیادە؟**

**ژیژەک:** چەند شتێکم لەیادە. لەوانە سەنتەری Ateneo بۆ فرۆشتنی کتێب، ئەو کتێبخانە جوانانەی کە لە هەمان کاتدا کافتریاشن. ڕێستۆرانتەکانم لەیادە، مامناوەندییەکان نەوەک گرانبەهاکان، ئەو شوێنە ئاساییانەی ساندویچی El choripan پێشکەشدەکەن. پێم سەیرە چۆن بە هەبوونی ئەم ساندویچە، هەندێ گەمژە لە ئەرژەنتین هەن حەزیان لێیە مەکدۆناڵدز بخۆن؟ لەمە تێناگەم... ژیانی ڕۆژانەی ئەوێم لەیادە، ئەو شەقامانەی لە هەندێ شوێندا شەوان پڕن لە ژیان و جوڵە. بۆینس ئایرسم لەبیرە وەکو شار. دەبینی لە ئەمریکا شارەکان ونبوون، ئێستا هیچ نین جگە لە مۆڵ و بازاڕ. ژیانی گشتی ونبووە. بۆیە بۆینس ئایرس یەکێکە لە یادگارییە دڵخوازەکانم دەربارەی ئەرژەنتین. ئەمە ڕەنگە لای تۆ سەرنجڕاکێش بێت: چونکە من نەخۆشی شەکرەم هەیە، شتێکم لەوێ بینی کە هەرگیز لە هیچ کوێ بەرچاوم نەکەوتۆتەوە - تەنانەت لە وڵاتە پێشکەوتووەکانی وەکو ئەمریکا- سەرسام بووم بەوەی لەوێ شوێنگەلێک هەبوون خواردنی کوالێتیی

بەرزی تایبەت بە نەخۆشی شەکرەیان پێشکەشدەکرد. بیست بۆ سی جۆر کێکی بێ شەکر و شتی لەو جۆرە خرابوونەڕوو.

**بیری ئەرژەنتین دەکەیت؟**

**ژیژەک:** بەڵێ، بەڵام بەداخەوە من هەمیشە سەرقاڵبووم بەجۆرێک نەمتوانی زیاتر چێژی لێ وەرگرم. من پیاوێکی شێتم، حەزم بە کەشوهەوای ساردە. خەونی من، دەکرێت خەیاڵ بکەیت، ئەوەیە لە ناوەڕاستی چیاکان بم، لە ئەرخەبیلی زەمینی ئاگرین لەباشوور، لەو چیایانە...

**چیاکانی ئەندێز ...**

**ژیژەک:** بەڵێ، بەدڵنیایەوە. ڕەنگە خەڵک زیاتر ئەرژەنتین بەهۆی ئەو کلێشانەوە بناسنەوە: نزماییەکانی پامپاس و ... کاوبۆیەکانتان بەچی ناویان دەبەن؟

**گاوچۆ**

**ژیژەک:** گاوچۆ، ئەسپسواری. بەڵام من لە خوێندنەوەی مێژووی ئەرژەنتیندا بۆم دەرکەوت، ئەم وێنەیە لە سەرەتاکانی سەدەی نۆزدەدا لەلایەن گەشتیارە بەریتانییەکانەوە درووستکراوە.

**ئەوان پێش هەموو کەس کتێبیان لە بارەی ئەمریکای باشورەوە نووسیوە**

**ژیژەک:** هەمیشە مێژووی ئەرژەنتین سەرنجی ڕاکێشاوم. من هەمیشە پێم خۆشە ڕۆڵی پارێزەری ئەهریمەن بگێڕم. ئەوکاتەی دەمتوانی کەمێک بە ئیسپانی بخوێنمەوە، کەسایەتی دیکتاتۆر خوان مانوێل دی ڕۆساس سەرسامی کردم، ئەو دیکتاتۆرەی لە دەیەکانی 1820 و 1830 و 1840 دا حوکمڕانی دەکرد. بە سادە و ساکاریی کەسایەتییەکی خراپی نەبوو، بەڵکو لەمە ئاڵۆزتر بوو. سەرسامم بە مێژووی ئەرژەنتین، بەڵام دەبێت پێت بڵێم کە هەرگیز لە بزووتنەوەی پیرۆنیزم (El Peronismo) تێنەگەیشتم، ئەمەش زۆر کەسی تووشی سەرسوڕمان کرد چونکە من بە جۆرێک لە جۆرەکان سەر بە چەپم. دەزانم هەندێک مەیلی چەپانە لە پیرۆنیزمدا هەیە، بەڵام پێم وایە فۆرمولەی بنەڕەتی پیرۆنیزم بریتییە لە فاشیزمی پۆپۆلیستی. حکومەتێکی بەهێز و زۆردار کە کۆنترۆڵی هەردوو جەمسەری کرێکار و کەپیتاڵ دەکات، هەوڵدەدات کەمێک دادپەروەری بەردەست بخات، بەڵام بەلای منەوە، ئەمە بۆ ماوەیەکی درێژ سەرناکەوێت و بەردەوام نابێت، بەهۆی دەرکەوتنی گەندەڵی و پەکخستنەوە. بۆیە هەرگیز پیرۆنیزم لەخشتەی نەبردووم. من چەپێکی ڕادیکاڵم، بەڵام خۆشباوەڕ نیم، من چاوەڕوانی شۆڕش یان شتێکی لەو جۆرە ناکەم. من چەپم بەو مانایەی ئێمە بەرەو ڕووی کێشەی مەترسیدار دەڕۆین. ئای خوایە! تەنانەت کەسە دیارەکانی بواری بازرگانی و کۆمپانیاکان بۆ نموونە مارک زوکەربێرگ (کابرایەکی گەمژەیە، بەڵام ئەمە گرنگ نییە) و بیل گەیتس دەڵێن

سەرمایەداری ناتوانێت بەردەوام بێت ئەگەر بەم شێوەیە بمێنێتەوە. باوەڕناکەم پۆپۆلیزم چارەسەر بێت. ئەمەش هۆکاری کۆتایهاتنی پەیوەندیم بوو بەشێوەیەکی خراپ لەگەڵ ئێرنستۆ لاکلاو Ernsto Laclau و شانتال موفChantal Mouffe ، کە هەردووکیان پێشنیاری فۆرمولەی پۆپۆلیزمی چەپیان دەکرد.

**تۆ هاوڕای ئەمە نیت؟**

**ژیژەک:** نەخێر. ئایدیای وازهێنان لە نەخشە ئایدۆلۆژییەکان و لە بەرامبەردا گوێگرتن لە خەڵک: گوێگرتن لە کێشەکانیان و ئەو شتانەی بەڕاستی بەلایانەوە گرنگە، ئەوشتانەی پێویستیانە، ئەو شتانەی نیگەرانی کردوون. من زۆر متمانە بە ڕۆشنبیران ناکەم ئەوان چارەسەر ناخەنەڕوو، بەڵام پێتوایە خەڵکە ئاساییەکە (عەوام) هیچ لەوان باشتربن؟ باوەڕناکەم. بەردەوام ئەم کێشەیەم هەیە تەنانەت لەگەڵ هاوڕێی نزیکم یانیس ڤاروڤاکیس کە لەکاتی بوونی بە وەزیرەوە خۆشەویستی و پشتگیریەکی زۆر ی لە یۆناندا بەدەستهێناوە. ئەو پێی وایە پێویستە خەڵک بە ئازادییەوە دەنگ بدەن بۆ دەربڕینی بۆچوون و خواستەکانیان. بەڵام بڕوانە قەیرانی پەنابەران، زۆرینەی ئەوروپییەکان دژی پەنابەرانن. کەوایە، ئایا دەبێت پشت بەمە ببەستین؟ نەخێر. پێم وایە ئێمە لە دۆخێکی ئاڵۆزداین، کە پێویستی بە جۆرێک لە تیۆر و مەعریفەی قوڵترە. ناتوانیت تەنها ئەو گەمە ماویستییە بکەیت کە دەڵێت "با تەنها گوێ لە خەڵک بگرین". ئەگەر گوێ لەخەڵک بگریت، ئەوا گوێت لە

ڕاسیزمی خۆڕسك دەبێت. تەنانەت بۆ دیاریکردنی کێشەکەش پێویستە بیربکەینەوە. بۆ نموونە ئیکۆلۆژی وەربگرە. خەڵک ئەمە لەبیردەکات. کوونبوونی چینی ئۆزۆن و گەرمبوونی زەوی لەبیردەکەن، کەس ناچێتە بۆشایی بۆ بینینی ئەمە، ئەمە زانست وا دەڵێت. ئەمە کێشەیەکی گەورەی چەپە: سەرمایەداری لە کێشەی گەورە نزیک دەبێتەوە، بەڵام چەپ وەڵامێکی جێگیری نییە بۆ ئەوەی دەبێت چی بکرێت. کارەساتی ڕاستەقینەی چاڤێز لە فەنزوێلا هەر ئەمە بوو. چاڤێز بەلای منەوە فیدڵ کاسترۆیەک بوو بە پارەیەکی زۆرەوە. ئەو کێشەکانی چارەسەر نەدەکرد، بەڵام پارەی پێویستی لەبەردەست بوو بۆ خۆ دەربازکردن لە کێشەکان. ئەو بەردەوام تاقیکردنەوەی دەکرد: خۆبەڕێوەبەری کرێکارانی جێبەجێکرد، کارگە و سەندیکاکانی خستە بەردەستیان. ڕەنگە لە جێگەیەکدا سەرکەوتوو بوبێت بەڵام لە ئاستی گشتییدا شکستی خواردووە. ئەمە هۆیەکە کە ئێمەی چەپ لەبری وەسفکردنی سەرمایەداری جیهانیی و فۆرمە نوێیەکانی فاشیزم، باشترە لە خۆمان بپرسین: چیمان هەیە پێشکەشی بکەین؟ ئەڵتەرناتیڤمان هەیە؟ چۆن جێبەجێی بکەین؟ دۆخێکی کارەساتئامێزە.

**ئایدیایەک هەیە پێی وایە ڕەنگە ترامپ یەکەم سەرۆکی پرۆنیست بێت لە ئەمریکای باکوور، ئایا ئەم بیرکردنەوەیە بەشێکە لە نەرجسییەتی ئەرژەنتینییەکان، یان پیرۆنیزم لە ئەمریکادا سەرکەوتووە؟**

**ژیژەک:** لە جەوهەردا پیرۆنیزم فۆرمێکە لە فۆرمەکانی فاشیزم (ڕەنگە لە نازیزم نەرمتربێت)، بەڵام ئەم ئایدیایەم لا پەسەند نییە. ناساندنی ترامپ وەکو فاشیست تەنها سادەکردنەوەی چەمکەکانە. ئەمە مانای ئەوە نییە ئەو باشتر بێت، بەڵام چەپی ئەمڕۆ هەر شتێکیان لا پەسەند نەبێت، لەبری شیکارکردنی، پێیان باشترە چەمکە کۆنەکانی بەسەردا جێبەجێ دەکەن: "ئۆهـ، فاشیزم گەڕایەوە". شتەکە بەم جۆرە نییە. ئێمە نابێت سەرنج بخەینە سەر ترامپ، بەڵکو دەبێت سەرنج بدەینە شکستی دامەزراوەی سیاسیی ئەمریکا کە بواری بۆ ئەو ڕەخساندووە. ڕووداوی گرنگ لە ئەمریکادا بریتییە لە شکستی ئەو شتەی بە دەربڕینە مارکسییەکە پێمان دەگوت "هەژموونی ئایدۆلۆژیی". بۆشاییەک هەبوو، کە خەڵک متمانەی بە کرداری سیاسیی باڵادەست نەدەکرد و ترامپ ئەم بۆشایەی پڕکردەوە. چۆن؟ بەڵێ، ڕەنگە بە شێوە پیرۆنیستیەکە کۆکردنەوە تێکەڵکردنی چەپ و ڕاست بێت. بۆیە کەسێکی وەکو ستیف بانۆنSteve Bannon ، کە ڕاوێژکاری پێشووی ترامپ بوو بە گرنگ دەبینم. چونکە بەردەوام هەوڵی دەدا دڵی سیناتۆر بێرنی ساندەرز بەلای خۆیدا ڕابکێشێت، لە ڕێگەی جێکردنەوەی چەند داواکارییەکی چەپانە کە تەنانەت سۆسیال

دیموکراتەکانیش جورئەتی جێبەجێکردنیانیان نییە. بەڵام جیاوازی نێوان بانۆن و ترامپ ئەوە بوو یەکەمیان دەیویست نەوەک باج کەمنەکاتەوە بەڵکو بەڕێژەی 45% زیادی بکات. سەرسام بووم کاتێک هاوڕێیەکی پۆڵەندییم پێی گوتم کە حکومەتە کۆنزەرڤاتیڤ و مەسیحییەکەی پۆلۆنیا- حکومەتی کاچینسکی- چەندین ڕێوشوێنی سۆسیالیستیی جێبەجێ کردووە، لەوانە کەمکردنەوەی ساڵی خانەنشینی و فەراهەمکردنی چاودێری تەندروستی باشتر، کە نەبووە ئیلهام بەخش بۆ هیچ حزبێکی چەپی میانڕەو. هەمان شت لە فەڕەنسا: حزبەکەی مارین لوپان تاکە حزب بوو لەناو حزبە گەورەکاندا کە بە ئاراستەی چینی کرێکار کاری دەکرد. دوژمنی من ئەو ئایدۆلۆژییە باڵادەستەی چەپە، مەبەستم ئەو مۆڕاڵیزمەیە "ڕاستی سیاسیی". بۆیە دەبینیت ئەم چەپی لیبراڵە مۆدێرنە بەزۆری گرنگی بە کێشەکانی وەکو فێمێنیزم و فرەکەلتوریی و ئەم بابەتانە دەدات، بۆیە پەیوەندی لەگەڵ خەڵکی ئاساییدا دەپچڕێت و گۆڕەپانەکە بۆ ڕاستڕەوە پۆپۆلیستەکان چۆڵ دەبێت. من پێشنیاری هیچ جۆرە شۆڕشێک ناکەم، ئەمە شێتییە. پێم وایە ناکرێت تەنها خوازیاری گەڕاندنەوەی دامەزراوەی پێشوو بین. ترامپ دۆخەکەی گۆڕیوە، ناکرێت بگەڕێینەوە بۆ لۆژیکی پێشوو. چونکە ترامپ سەلمێنەری ئەوە بوو کە ئەم کاتیگۆرییانە چیتر بەکەڵک نایەن. ئەگەر جیاوازیی گەورەی کەلتوری و ئاینی و ئیتنیکی بوونی هەبوو، ناکرێت لەڕێگەی دەسەڵاتی زۆرینەوە حوکم بکرێت، بەڵکو دەبێت ڕێککەوتن و هاوپەیمانی بەدی بهێنرێت.

ئەمە ئەو شتەیە کە ئێستا ونە، مەبەستم ئەو ڕێککەوتن و کۆکبوونەیە کە پێش ترامپ هەبوو. پێم وایە ترامپ ڕادیکاڵترە. تەنها گۆڕانێک سادە نەهاتۆتەدی لە چوارچێوەی ڕێککەوتنێکدا، بەڵکو خودی ئەم ڕێککەوتنە گۆڕاوە. بەدەوام دەڵێم: "گەڕاندنەوەی لینین بۆ ئەمڕۆ"، مەبەستم دووبارە کردنەوەی هەمان شت نییە. گەڕاندنەوەی لینین بریتییە لە دووبارەکردنەوەی کارەکانی بەڵام بەشێوەیەکی ورد و لەڕێگەی ڕاستکردنەوەی هەڵەکانیەوە. دەزانیت بە کام لینین سەرسامم؟ لە جەنگی جیهانی یەکەمدا، نەوەک تەنها لینین، بەڵکو تەواوی سۆسیال دیموکراتی لە ئاراستە نیشتیمانپەروەرییەکەی ئەوکات تۆقیببوون. زۆرینەی ئەو سۆسیال دیموکراتانەی ئەوروپا پشگیری قەرزکردنی پارەیان کرد بۆ ئەنجامدانی جەنگ. لینین تێکشکابوو. دەزانی ئەوکات چیکرد؟ خۆی لە سویسرا گۆشەگیر کرد و دەستی بە خوێندنەوەی هیگڵ کرد. ئەمە ئەو لینینەیە کە من پێی سەرسامم، ئەو ئایدیایەی " جیهانە کۆنەکەمان لەناوچووە، وەڵامی ئاسانیشمان بۆ ئەمە نییە. ناڕێت تەنها دەست بە هێڵە کۆنەکانەوە بگرین، دەبێت دووبارە بیر لەهەموو شتێک بکەینەوە". من لەو ترۆتسکیستە گەمژانە نیم کە دەڵێن: " ئاخ، ئەگەر لینین دوو یان سێ ساڵی دیکە بژیایە، یەکێتی سۆڤییەتێکی دیکەمان دەبوو". نەخێر، ڕەنگە بەجۆرێک ستالینیزم چاوەڕوانکراوتین فێرژن بووایە. بەڵام هێشتا سەرسامم بە کەسایەتی لینین. دەزانی ئەوانەی بەرگری لە لینین دەکەن ئەو وەسیەتە بەناوبانگەی بە بەڵگە دەهێننەوە کە تێیدا دەڵێت "دەبێت

ستالین دووربخەینەوە". بەڵام ئەرگۆمێنتەکانی دژی ستالین چیین؟ دەربارەی هێڵە سیاسییەکەی ستالین نەبوو- ئەمە سەرنجڕاکێشە- بەڵکو دەربارەی ڕەفتاری ستالین بوو. لینین دەڵێت ستالین توندوتیژە و ڕەفتاری باش نییە. نەوەک تەنها ستالین، لینین لە ساڵەکانی کۆتاییدا هەستی بەوە کردبوو کە پیسی و دڕندەیی ژیانی سیاسیی کردبوو، بۆیە ئایدیای گفتوگۆی شارستانیی لاپەسەند بوو هەروەها پێی وابوو دەبێت ڕەفتاری باشتر پیشانبدرێت. ئەمە بەشێوەیەک لەگەڵ ترامپدا دێتەوە، لەگەڵ ترامپ ئێمە دەکەوینە ناو سەردەمێکی نوێی زمانپیسی و بەدڕەوشتیی سیاسییەوە. لەمڕۆدا لینینیبوون، مانای گەڕانەوە نییە بۆ لینین، بەڵکو دەستبەرداربوون و تیپەڕاندنی لینینە. لە یەکێک لە کتێبەکانمدا، دەقێکی ناوازەی لینین دەهێنمەوە کە دەربارەی سەرکەوتن بەسەر چیادا نووسیویەتی، دەڵێت: " لە پرۆسەی شۆڕشدا، دەبینیت کە لەسەر ڕێگەیەکی هەڵەیت، بۆیە دەبێت بگەڕێتەوە بۆ خاڵی دەستپێک و دووبارە دەست پێبکەیتەوە". ئەمە ئەو شتەیە کە دەبێت چەپ ئەنجامی بدات. نازانین لەئەمڕۆدا چی دەگوزەرێت، چی کۆمەڵگەیەکی نوێ دێتەبوون. بۆیە، بەم هۆیەوە گوتم - کە هاوڕێ چەپەکانم لێی تۆقیون- نابێت لە ئەمڕۆدا فۆرمولەکەمان نابێت تێزەکەی یانزەی مارکس بێت دەربارەی فۆیەرباخ کە دەڵێت "فەیلەسوفەکان تەنها جیهانیان ڕاڤەکردووە، لەکاتێکدا مەسەلەکە گۆڕینیەتی". بەڵکو دەبێت ئەم تێزە هەڵگێڕینەوە، چونکە ڕەنگە لەسەدەی بیستدا هەوڵماندابێت بەخێرایی

جیهان بگۆڕین بەبێ ئەوەی بزانین چی دەکەین. بۆیە دەبێت هەنگاوێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە و دووبارە ڕاڤەی لەسەدەی بیستدا هەوڵمان دابێت بەخێرایی جیهان بگۆڕین بەبێ ئەوەی بزانین چی دەکەین. بۆیە دەبێت هەنگاوێک بگەڕێینەوە بۆ دواوە و دووبارە ڕاڤەی جیهان بکەین. ماوەیەک پێش ئێستا گای سۆرمانی هاوڕێتم بینی. چی لە چین دەگوزەرێت؟ سۆرمان دەڵێت چین وڵاتێکی سەرمایەداری ڕاستەقینە نییە. باشە، بەڵام چییە؟ بەڕای من چین تاڵترین وانەیە بۆمان. با دانی پێدابنێین کە ئەوەی لە ماوەی چل ساڵی ڕابردوودا بەدیان هێناوە سەرسوڕهێنەرە. هیچ وڵاتێک لە هیچ سەردەمێکدا- تەنانەت لە سەرمایەداری سەرەتایی ئەمریکاشدا- نەیتوانیوە لە هەژارییەوە بگۆڕێت بۆ ئەم گەشەکردنە بەرچاوە لەماوەی سی بۆ چل ساڵدا. بەڵام ئەوەی تاڵ و غەمهێنەرە ئەوەیە کە ئەمە پیشانی دەدات ئەم گەشەکردنە بێئەندازەیەی سەرمایەداری دەکرێت بەباشی بگونجێت لەگەڵ دەوڵەتێکی ستەمکار و خۆسەپێندا.

**داهاتووی چین چۆن دەبێت، کاتێک ئەو ئایدیا دڵپاکانە دادەڕوخێت کە پێی وایە کێبرکێ لەبازاڕدا دەبێتە هۆی بەرهەمهێنانی کێبڕکێی سیاسیی؟**

**ژیژەک:** زۆرێک لە مارکسییەکان ئەو ئایدیایەیان هەیە کە دەبێت ئێستا ئازار بچێژین، بەڵام داهاتوو باشتر دەبێت. باشە، دەزانی فرۆید دەڵێت چی؟ جارێکیان، کۆمۆنیستێک سەردانی فرۆیدی کرد و پێی گوت: "دەبێت سەرەتا ئازار بچێژین، بۆ ئەوەی دواتر بەهەشتێک بەدەستبهێنین". لە

بەرامبەردا فرۆید دەڵێت: "بڕوام بە بەشی یەکەمی قسەکەت هەیە، بەڵام بەشی دووەمی نا...". ئەگەر شتێک لە مێژووەوە فێر بووبین ئەوەیە باوەڕ بەوانە نەکەین کە بەڵێنی ئازارچەشتن لە ئێستادا و خۆشبەختی دواترمان پێدەدەن. ئەمە هەرگیز ڕووی نەداوە. بەڵام با نموونەی بینۆچێ یان کۆریا بهێنینەوە. دیکتاتۆرییەت بووبەهۆی گەشەکردن، کاتێک ئەم گەشەکردنە ڕوویدا دیکتاتۆرییەت چووە ژێرباری داخوازییە دیموکراتییە ڕادیکاڵەکان. تەنانەت لە بەرازیلیشدا ئەمە ڕوویدا. بەڵام نموونەکانی وەکو چین و سەنگافورە وا دەکات گوومان لەمە بکەم.

**قەبارە هەموو شتێک دەگۆڕێت، ڕەنگە قەبارەی چین گەورەتر بێت لەوەی بتوانێت سەنگافۆرە و کۆریا و چیلی دووبارە بکاتەوە. بەڵام چین خاوەنی چی سیستەمێکە؟ ئایا سەرمایەدارییە؟**

**ژیژەک:** نەخێر، لەڕاستییدا شتێکی نوێیە! سیستەمێکی سەرمایەداری نیە بەمانا کلاسیکیەکەی، لە هەمانکاتدا هاوشێوەی ڕژێمە ستەمکارەکانی دیکەش نییە.

**ئایا چین داهاتووی جیهانە؟**

**ژیژەک**: ئەمە ئەو شتەیە کە من لێی دەترسم. ئەمە یەکێکە لەو ئاراستانەی - لێرەدا ترامپ دێت- بەتەواوی غەمگینم دەکات. لەیادمە دوو یان سێ ساڵ پێش ئێستا، کاتێک ئاڵۆزییەک لەنێوان تورکیا و ڕوسیادا هەبوو، کاتێک تورکەکان دوو فڕۆکەی جەنگی ڕووسیایان خستە خوارەوە و دەگوترا نزیک

بوونەتەوە لە جەنگ. لە تورکیاوە پرسیاریان لێکردم کە بۆچوونم لەسەر ئەم ناکۆکییە چییە، گوتم: "باشە، تا ڕادەیەک ئالۆزیی و ناکۆکی لەنێوانیاندا هەیە، بەڵام ئایا ئەردۆگان و پۆتین هاوشێوەی یەکدی نین؟ ڕێبازی هەردووکیان ناسیۆنالیزمێکی ستەمکارانەیە". بۆیە پێشنیاری چەمکی "پۆتیگان"-م کرد وەک کۆکراوەی هەردووکیان، بۆیە بۆ ماوەی ساڵێک نەمدەوێرا بچمە تورکیا. لە داهاتوودا ژمارەیەکی زیاتر لە "پۆتیگان" ەکان دەسەڵات دەگرنە دەست، ئەمەش تووشی دڵەڕاوکێم دەکات.

**ئەمە ئاراستەیەکە..**

**ژیژەک:** بەشێوەیەک ترامپیش ئەم ئاراستەیە دەگرێتەبەر. ئەمە مانای تایبەتی فۆرمولەکەیەتی کەدەڵێت: "ئەمریکا لەپێش هەموو شتێکەوەیە". ئەمە فۆرمولەیەکی نوێیە: "ئەمریکا لەپێش هەموو شتێک"، "ڕووسیا لەپێش هەموو شتێک"، "هیند لەپێش هەموو شتێک"، "تورکیا لەپێش هەموو شتێک".

**بەڵام جیاوازییەکە لە چیندا ئەوەیە، لە پارچەکانی دیکەی جیهاندا کەسێکی ستەمکار و خۆسەپێن هەیە. بەڵام لە چیندا حیزبێکی لەو جۆرە هەیە نەوەک کەسێک.**

**ژیژەک:** بەڵێ. پرسیارێکی گرنکە چونکە جینگ پینگ تاڕادەیەک هەوڵیدا خۆی وەکو سەرکردەیەک بسەپێنێت هاوشێوەی ماو تسی تۆنگ، بەڵام بەرگرییەک هەیە لەدژی هەوڵەکانی.

**بەڵام تا ئێستا جیاوازییەکە لەنێوان چین و ڕژێمە سەرمایەدارییە ستەمکارەکانی دیکەدا ئەوەیە، چین کەسێکی ستەمکار و خۆسەپێنی نییە، لەبری ئەوە حیزبێکی لەو شێوەیە هەیە. ئایا دەکرێت ئەمە لە داهاتوودا بگۆڕێت؟ باوەڕناکەم**

**ژیژەک:** منیش باوەڕناکەم. دۆخێکی زۆر ئاڵۆزە، بەڵام لەڕاستیدا ستەمکارێکیان هەیە. لە ئەمڕۆدا حەوت کەس هەیە: کە لیژنەی بەرەوامی مەکتەبی سیاسیین، ئەوەی سەیرە ئەوەیە کە لە هەموو کۆنگرە گەورەکاندا کە بۆ گفتوگۆکردن ڕێکی دەخەن هاوشێوەی دەرکەوتنێکی ئیلاهییە، ڕووداوێکی تەمومژاوییە، لە سەرەتادا حەوت ئەندامەکە نادیارن، لەکۆتایی هەموو کۆنگرەیەکدا هەڵبژێردراوەکان دەردەکەون. بڕوام وایە ئەم ناڕوونییە- گفتوگۆ نەکردن لەسەر ئەوەی ئەندامە تازەکانی مەکتەبی سیاسی کێن، ناوەکانیان نادیار و چاوەڕواننەکراون- ڕەگەزی سەرەکی ستەمکارییە: ئەم دەرکەوتنە ناڕوونە لە ناشوێنەوە، بەجۆرێک تەنانەت نمایشێکیش ناکەن بۆ پیشاندانی ئەوەی کۆمەڵێک ناو هەیە بۆ ئەوەی گفتوگۆیان لەسەر بکرێت.

**هەروەها ڕێگە بەجیاکردنەوەی دەسەڵاتەکان نادەن، بەجۆرێک دەسەڵاتی دادوەری و یاسادانان سەربەخۆ بێت لە دەسەڵاتی جێبەجێکردن.**

**ژیژەک:** دەزانیت ڕژێمی چین تا چەندێک هەستیارە لەم بارەیەوە؟ حەزم لەم شتە سەیر و شێتانەیانەیە کە ڕوودەدەن. دەزانیت کەسێکی ئۆپۆزیسیۆن لە چین -ئەمە چیرۆکێکی ڕاستەقینەیە- لەبەردەم دادگادا حزبی کۆمۆنیستی تۆمەتبار کرد بەوەی تاوانی ئەنجامداوە (وا بزانم مەبەستی لە تیانامیان بووە). دوای دوو مانگ وەڵامیان دابووەوە. ئەمە نوکتە نییە. دەزانی وەڵامەکە چی بوو؟ "ببوورە، سەیری فایلەکانی خۆمانمان کردووە، بەڵام ڕێکخراوێک بەناوی حزبی کۆمۆنیستەوە بوونی نییە". حزبی کۆمۆنیست حکومڕانی دەکات بەڵام دۆخێکی یاسایی نییە. ئەمە ناڕوونە. حزبی کۆمۆنیست بەم شێوەیە دەسەڵات پیادە دەکات. پێموایە ئەمە بێ خەوشترین فۆرمی حکومەتێکی ستەمکار و خۆسەپێنە. سیستەمێکی یاساییت هەیە، حکومەت و پەرلەمان هەن، بەڵام هەموو شتێک پێشوەختە بڕیاری لێدەدرێت.

**بازاڕ گلۆباڵیزە بووە بەڵام دیموکراسی لیبراڵی هێشتا دوورە لەمەوە، تێبینی ئەوە دەکەین کە سەمایەداری لەگەڵ سیستەمە ستەمکار و خۆسەپێنەکاندا دەگونجێت**

**ژیژەک:** ئەمە دەمترسێنێت. من لینینیستێکی تۆتالیتارخواز نیم، بەدڵنیایەوە دیموکراسیم پێ باشترە. بەڵام ئەوەی نیگەرانم دەکات دەرکەوتنی ئەم

سیستەمە ستەمکارانەیە. بەم بۆنەیەوە، بەلای منەوە شێتییە کاتێک ڕەخنەگرە چەپەکان پێم دەڵێن: "نابینیت ئێستا ترامپ نموونەی فاشیستێکە لە دەسەڵاتدا؟" نەخێر، با بەجدییەتەوە بدوێین. ئەمریکا وڵاتێکی ئاڵۆزە کە چەندین دامەزراوەی سەربەخۆ لە خۆدەگرێت. ترامپ لە دەسەڵاتدا هاوشێوەی ئەوە نییە ماری لۆپان لە فەرەنسا لەسەر دەسەڵات بێت. فەرەنسا زۆر مەرکەزی ترە و مەترسییەکە لەوێ زیاتر دەبوو. ئەمە نامترسێنێت، بەڵام وا دەزانم هەمان ئاراستەیە. کاتێک پێم دەڵێیت بازاڕ گلۆباڵیزە بووە؟ بڕوام وایە و هەمیشە بەشێوەیەکی ساویلکانە دووبارەی دەکەمەوە، پرسیاری گەورەی لە ئەمڕۆدا ئەوەیە: ئایا هێشتا فۆکۆیامایستین؟

**ئایا فۆکۆیاما لەسەر حەق بوو: سەرمایەداری جیهانی "کۆتایی مێژووە"؟**

**ژیژەک:** پێم خۆش نییە کاتێک خەڵک ڕقیان لە فۆکۆیاما دەبێتەوە و پێی دەڵێن گەمژە. لە ڕاستیدا، هەموومان فۆکۆیامایست بووین، تەنانەت چەپە ڕادیکاڵەکانیش پێیان وابوو سەرمایەداری لیبراڵ- دیموکراسی، باشترین سیستەمە بتوانین خەیاڵی بکەین. دەتوانین هەندێک گۆڕانکاری تێدا بکەین، وەک مافی لەباربردنی زیاتر و مافی زیاتر بۆ هۆمۆسێکسواڵەکان و لێبوردەیی و چاودێری تەندروستی زیاتر، بەڵام لە بنەڕەتدا وەک خۆی دەمێنێتەوە. تەنانەت فۆکۆیاماش گومانی لەمە هەیە و کێشەکانی دەبینێت. منیش دەیبینم. بۆ نموونە ئیکۆلۆژی، سەرباری ئەو شتانەی کە ئەنجام دەدرێت، بەڵام هێشتا ئەگەری ڕوودانی کارەسات هەیە. ڕووبەری گەورەی

سەر زەوی چیتر بۆ نیشەجێبوون ناشێن. لێرەدا هاوڕای فۆکۆیامام کە ئەو شتانەی لەبواری زانستەکانی مێشکدا (neurobiology) ڕوودەدەن مەترسیدارن. هەمووان - چین و ئەمریکا- لەم بوارەدا کاردەکەن کە دەرئەنجامی فەلسەفی گەورەی لێ دەکەوێتەوە. لە ئێستادا پەیوەندیەکی ڕاستەوخۆیان پەرەپێداوە لەنێوان مێشکی ئێمە و کۆمپیوتەردا: بیر لە شتێک دەکەیتەوە و لەڕێگەی کۆمپیوتەرەکەوە ئەنجام دەدرێت. دەزانیت لە ساڵەکانی کۆتایدا، ستیڤن هاوکینگ پێویستی بە بەکارهێنانی پەنجەی نەبوو بۆ جوڵەکردن؟ مێشکی پەیوەستکرابوو بە وایەرێکەوە تەنها بیری لە "جووڵان بۆ پێشەوە" دەکردەوە و کورسییەکەی بەرەو پێشەوە دەچوو. بەڵام ڕەنگە پێچەوانەکەشی ڕووبدا: واتە کۆمپیوتەرەکە کۆنتڕۆڵی مێشک بکات. باشە، کێ ئەمە دەکات؟ ئەوکات چۆن کۆنترۆڵی بکەین؟ ئەمە پەیوەندی هەیە بە دیجیتاڵیزەکردنی ژیانمانەوە. ئەمە ئاسانە کاتێک ئەمریکییەکان دەڵێن: "ئۆه، پۆتین کاریگەریی لەسەر هەڵبژاردنەکان هەیە". بەڵام نەخێر، ئێمە ئەمڕۆ ئاگاداری سکاندالەی کامبریج ئەنەناڵیتیک-ین. ئەمە فۆرمێکی نوێی کۆنترۆڵکردنە. دەزانی مەترسی ئەم کۆنترۆڵە چییە؟ ئەم کۆنترۆڵە،هاوشێوەی کۆنتڕۆڵە تۆتالیتارەکانی پێشوو نییە کە خەڵک دەترسا و دەیزانی کێ کۆنترۆڵی کردووە. لە ئەمڕۆدا ئەم کۆنترۆڵە وەکو ئازادی دەبینین. چی لەوە ئازادانەترە لە ئەنتەرنێتدا بگەڕێین و ئارەزووی خۆمان شتەکان هەڵبژێرین؟ لەڕاستیدا ئێمە بەکاردەهێنرێین و ئاراستەدەکرێین و

هەموو شتێک تۆمار دەکرێت. ئەوەی بەرگریی لێ دەکەم ئەوەیە لایەنی کەم ئەم کۆنترۆڵە - لەگەڵ ڕێگەگرتن لە پۆڕنی منداڵ و ڕاسیزمدام- بەشێوەیەکی ئاشکرا بێت، کە ئێمەی خەڵکی ئاسایی بزانین چۆن، کۆنترۆڵ دەکرێین.

**چی ڕوودەدات ئەگەر خەڵک ببینن چین و چیلی بە باشی گەشەدەکەن لەسایەی حکومڕانیی تۆتالیتاردا و بەم هۆیەوە دەنگ بە ستەمکاری بدەن بۆ باشتربوونی ئابورییەکەیان؟ پێتوایە زۆرینە لەگەڵ تێرکردنی ئارەزووەکانیاندان بە دیموکراسییەکی کەمترەوە، یان بڵێین پشتگیریی گەشەکردنی ئابوری لە بەرامبەر ئازادییەکی کەمتر دەکەن؟**

**ژیژەک:** بێگومان، من هەنگاوێکی زیاتر دەنێم و بەڕاستی ڕەشبینم. پێموایە بەجۆرێک لە خەڵک تێدەگەم. حەز بەو وەڵامە خۆبەزلزانییەی چەپەکان ناکەم کە دەڵێت خەڵک بەکاردەهێنرێت. نەخێر! ئەمە بەجۆرێک بڕیارێکی لۆژیکییە. ئێستا لە چیندا 300 ملیۆن کەس گەیشتوون بە چینی مامناوەند و تاڕادەیەک ژیانێکی باشیان هەیە. بۆ تێگەیشتن لەم شتە پێویستت بە شیکارێکی سایکۆلۆژی نییە.

**ترامپ بەشێکە لەم شتە؟**

**ژیژەک:** بەڵێ، من تەواو ڕەشبینم. من کۆمۆنیستێکی کلاسیکی نیم بڵێم "حیزبمان دەزانێت". نەخێر، ئێمە نازانین! با بەویژدان بین لەگەڵ کۆمۆنیزمدا. کۆمۆنیزم پیشەسازی و شتی لەم جۆرەی بەدیهێنا. بەڵام دواتر - دەتوانین

بەوردی کاتی سەرهەڵدانی ئەمە دیاری بکەین- ڕژێمە کۆمۆنیستیەکان نەیانتوانی مامەڵە لەگەڵ ئەم سەرمایەدارییە دیجیتاڵ و پۆستمودێرنە و لەگەڵ ئەم میدیا نوێیانەدا بکەن. لەگەڵ ئەمەدا نەگونجا و تەواو بوو. ئەوەی لێی دەترسم ئەوەیە - شتێکی شۆڕشگێڕانە ناڵێم تەنانەت بیل گەیتس و هەمووانی تریش هەمان شت دەڵێن- سەرمایەداری بەم شێوەیەی کە ئێستا هەیە، ناتوانێت بەردەوام. - ئایا ئەو ئایدیایەی مارکس دێتە دی کە دەڵێت سەرمایەداری خۆی لەناودەبات بەهۆی ئەو خواستی مۆنۆپۆلکردنەی کە هەیەتی، بۆ نموونە لە ئێستادا لە ڕێگەی کۆمپانیاکانی وەکو گۆگڵ و فەیسبوک و ئەمازۆنەوە؟ ئەمە پرسیارێکی زۆر گرنگە و وەڵامی من ئەمەیە. یەکەم، هەرچەند من تاڕادەیەک مارکسییم، بەڵام بەتوندی ڕەخنەی مارکس دەکەم. دەربارەی پرسیاری ئەوەی ئایا مارکس لەسەر حەق بوو، مەبدەئییەن دەڵێم بەڵێ، بەڵام کۆمۆنیزم هەرچەندە پەروردە و تەندروستی گشتی بۆ خزمەتی گشتیی فەراهەم کرد، بەڵام شکستێکی گەورەی هێنا، بەڕای من هەر ئەمەش مەترسی ڕاستەقینە بوو لە ئەزموونی کوبادا. ئەمە کارەساتە. کێشەی گەورە ئەوەیە مارکس چینی کرێکار واتە پرۆلیتاریای چەوساوەی وەکو بکەری گۆڕانکاریی دەبینی. پێم وایە نابێت چیتر ئەم تێڕوانینەمان هەبێت، چونکە سیفەتی "بکەری شۆڕش" بەسەر بەسەر چینی کرێکاری ئێستادا جێبەجێ ناکرێت، ئەو پرۆلیتارە کلاسیکییە لە ئێستادا لە کۆمپانیایەکی زەبەلاح کاردەکات. باشە، دەیچەوسێننەوە، بەڵام، چاودێری

تەندروستی و خانەنشینی هەیە. ئەمە تاڕادەیەک ئایدیاڵییە، تەنها کەسە بەبەختەکان ئەمەیان بەردەکەوێت. لە ئەمڕۆدا کرێکاری هەژار و بێکار هەیە، خوێندکاری دانەمەزراو و بێکار هەیە، کۆچبەرەکان هەن، لە ڕاستیدا ئەو پۆتێنشاڵە شۆڕشگێڕییە لەم توێژانەدا بەدی ناکەم.

**ئایا چیتر ململانێی چینایەتی نامومکینە؟**

**ژیژەک:** هەموو هاوڕێ چەپەکانم خەون بەوەوە دەبینن کە بکەرێکی نوێی شۆڕشگێڕ دەربکەوێت. وا نازانم دۆخەکە ئەمە بێت. بەهەرحاڵ، مارکس گونجاوترین شیکاری بۆ سەرمایەداری کرد، بەڵام دەبێت درک بەو گۆڕانکارییانە بکەین کە ڕوویانداوە. ئایا درک بەوە دەکەین کە بەهۆی ئەم خواستی مۆنۆپۆلکردنەوە، کۆنترۆڵکردن و ڕاگرتنی بازاڕ پێویستی بە یاسای بەهێز هەیە کە لە لایەن دەوڵەتەوە بڕیاری لێ دەدرێت؟ چونکە ئەگەر ڕێگە بە بازاڕ بدرێت ئازادییەکی ڕەهای هەبێت لە کارکردندا ئەوا دەبێتە هۆی ئەوەی بازاڕ خودی خۆی لەناوببات. ئەوە ڕاست نییە کە بازاڕ لە کۆمپانیا گەورەکان پێکهاتووە و ئەوان بەڕێوە دەبەن. لەڕاستیدا میکانیزمە دەوڵەتییەکان تادێت بەهێزتر دەبن. هەروەها سەبارەت بەو ناوانەی ئاماژەت پێدان، مۆنۆنپۆلیستە تازەکان- گۆگڵ، ئەمازۆن، فەیسبوک- ئەمانە شتێک نین مارکس بیتوانیایە پێشبینیان بکات. لە کتێبەکەمدا هەوڵدەدەم تەفسیری ئەوە بکەم پارە لەکوێوە دێت، ئەو قازانجە لەڕادەبەدەرانە. لەڕاستیدا ئەوانە قازانج نین، بەڵکو کرێ-ن. مایکرۆسۆفت چی دەکات؟ ئێمە هەموومان لە

پەیوەندیداین لەگەڵ یەکتردا و پێویستمان بە میدیۆمێکە، کە میدیۆمێکی هاوبەشە لەنێوانماندا. بیڵ گەیتس تاڕادەیەک مۆنۆپۆڵی ئەمەی کردووە. دواتریش پرایڤەتایزی (بەتایبەتکردن) ڕووبەری گشتیمان دەکات. بەهەمانشێوە ئەمازۆنیش، کاتێک کەسێک کتێبێک لەوێ دەکڕێت. فەیسبوکیش پرایڤەتایزی فەزای هاوبەشی ژیانی تایبەتیمان دەکات. بۆیە ئەمە قازانج نییە. ڕاست نییە بڵێین بیل گەیتس دەمانچەوسێنێتەوە، ئەو کارمەندەکانی ناچەوسێنێتەوە، بەڵکو پێموایە بەرێژەیەک پارەیەکی چاکیشیان پێدەدات. - ئەو پێویستی بە کرێکاری زۆریش نییە ژیژەک:ئێمە کرێی پێ دەدەین تاوەکو بتوانین پەیوەندی بەیەکەوە بکەین. ئەمە شتێکی تازەیە کە مارکس پێشبینی نەدەکرد. مارکس بڕوای وابوو کاتێک شتێکی هاوبەش هەبێت قازانج بوونی نامێنێت.

**مارکس پێشبینی ئەوەی کردبوو نادادپەروەریی سەرمایەداری بەبەردەوامی زیاد دەکات بەهۆی مۆنۆپۆڵکردنەوە، ئەمەش دەبێتە هۆی خۆویرانکردنی سەرمایەداری، بەڵام سەرمایەداری لەبەرامبەر ئەمەدا لەساڵی 1910 لە ئەمریکا لەرێگەی یاسای قەدەغەکردنی مۆنۆپۆڵکردنەوە ئەمەی ڕاست کردەوە. بەڵام ئەمڕۆ، لەگەڵ ئەم جۆرە کۆمپانیایانەی لە Silicon Valley دا هەن، دووبارە سەرمایەداری دەگەڕێتەوە بۆ قۆناغی پێش ساڵی 1910 کاتێک مۆنۆپۆڵکردنێکی بێ یاسا بوونی هەبوو.**

**ژیژەک:** بەڵام مۆنۆپۆڵکردنەکان جیاوازن. کێشەی یەکەم ئەوەیە ئێمە وەکو تاکە فەزا بۆ ئازادییە ڕۆژانەییەکانمان ئەزموونی ئەم مۆنۆپۆڵکردنانە

دەکەین. بابەتی دووەم ئەوەیە، وا دەزانم ژولیان ئاسانج ئەو پەیوەندییە بەهێزەی بۆ ئاشکراکردین کە لەنێوان "گۆگڵ" و وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکادا هەیە. من ناڵێم دەتوانین بەتەواوەتی لێیان دووربکەوینەوە، تەنها دەڵێم پێویستە درک بەو شێوازی کۆنترۆڵکردنە بکەین کە بەسەرماندا پەیڕەو دەکرێت. - تۆماس پیکێتی Thomas Piketty لە کتێبەکەیدا "سەرمایە لە سەدەی بیست و یەک" (2013) ئەوە پیشاندەدات کە دابەشکردنی داهات لە وڵاتە پێشکەوتووەکاندا بەشێوەیەکی بەرچاو پاشەکشەی کردووە لە ڕووخانی دیواری بەرلینەوە، ئەمەش بەهۆی مۆنۆپۆلی جیهانییەوە دەزانی کێشەکە گەورەکە چییە؟ نووسینی پیکێتیم خوێندۆتەوە و نوسەرێکی زۆر باشە. بەڵام کاتێک دێتە سەر باسی ئەوەی دەبێت چی بکرێت، دەگۆڕێت بۆ کەسێکی یۆتۆپیی. ئەو دان بەوەدا دەنێت کە سەرمایەداری تاکە سیستەمە کە بەڕاستی کار دەکات، بۆیە دەخوازێت ئەم سیستەمە -بەو شێوەیەی کە ئێستا هەیە- چارەسەری کێشەکان بکات لەڕێگەی زیادکردنی باجەوە، ئەمەش جێبەجێ نابێت ئەگەر هەموو دەوڵەتەکان هەمان کار نەکەن، ئەمەش وا دەکات ئەم چارەسەرە ناواقیعی بێت.

**سەرەتای سەدەی ڕابردوو، سەرمایەداری تا ئەو ڕادەیە نادادپەروەر بوو کە بووە هۆی لەدایکبوونی کۆمۆنیزم. ئەمڕۆ، نادادپەروەریی سەرمایەداری بووەتە هۆی بەدیهێنانی ستەمکاری. ستەمکاری دەرئەنجامی بێتوانایی سەرمایەدارییە بۆ چاککردنەوەی خۆی، بۆیە وەکو سەرەتای سەدەی ڕابردوو ئێستا مۆنۆپۆلکردن هەیە.**

**ژیژەک:** دەمەوێت قسەیەکی والتەر بنیامین بهێنمەوە کە دەڵێت "دەرکەوتنی فاشیزم نیشانەیە بۆ شۆڕشێکی شکستخواردوو". من باس لە ڕووخاندنی سەرمایەداری ناکەم لەڕێگەی خاوەندارێتیی هاوبەشەوە (کۆی مۆدێلە کۆمۆنیستییەکان بەکارنایەن)، بەڵام هێشتا ڕەشبینم. لەڕاستییدا ئەگەر نەتوانین ڕێگەی سێیەم بدۆزینەوە، بەدڵنیایەوە جگە لە ڕێگەکەی تۆنی بلێر، ڕێگەیەک لەنێوان سەرمایەداری لیبراڵی و ئەم کاردانەوە فاشیستیانەدا، ئەوا لەناودەچین. بەدڵنیایەوە باوەڕم بە شۆڕشی کلاسیکی نییە ئەمە هەمووی شێتییە. من تەنها یاری لەگەڵ ئایدیاکاندا دەکەم. شتێکی وا لە ئابووریی نازانم، بەڵام ڕات چییە لەسەر کۆنترۆڵی دارایی؟ نازانم دەتوانرێت چی بکرێت لەم بارەیەوە، بەڵام دەزانم لە هەرکوێیەک جێبەجێیان کردبێت کاری کردووە. بڕوانە قەیرانی ساڵی 2008، بۆچی چین بەباشی سەرکەوت؟ چونکە دەوڵەتێکی خۆسەپێنیان هەیە توانیان کۆنترۆڵی دارایی بسەپێنن. ڕەنگە ئەمە هەنگاوی یەکەم بێت. لە ڕۆژئاوا کەس ناتوانێت ئازادییە ئابوورییەکان پێشێل بکات.

**پێشتر گوتت دۆخی ئێستا هاوشێوەی دۆخی پێش جەنگی جیهانیی یەکەمە، کاتێک ئینگلتەرا کە هێزی باڵادەستی ئەوکات بوو (ئەمڕۆش ئەمریکا ئەو ڕۆڵەی هەیە) هەژموونی خۆی لەدەستدا و ئەمەش بووە هۆی دەرکەوتنی ڕکابەرە جیاوازەکان. هەمان شت بۆ مۆنۆپۆلیش ڕاستە: گەڕاوینەتەوە بۆ پێش ساڵی 1910 ، پێش دەرکردنی یاسای بەگژاچوونەوە مۆنۆپۆلکردن..**

**ژیژەک:** بەڵێ، تەواو هاوڕام. ئەمەش کارەساتە. ئێمە لە دۆخێکداین کە پێچەوانەی کۆمۆنیستە کلاسیکییەکانین. لەیادمە، پێشتر لە شەستەکاندا، لانیکەم لە ئەوروپا تا ڕادەیەک دەوڵەتی خۆشگوزەران بوونی هەبوو، بەڵام کۆمۆنیستەکان دەیانگوت "نەخێر، سیستەمەکە شکستخواردووە" و مۆدێلێکیان پێشنیاردەکرد بۆ ئەوەی کە پێویستە چی بکرێت. ئەمە فێڵی ئەوکاتەی چەپەکان بوو، هەرچەند خەڵک بەڕێژەیەک ژیانێکی خۆشیان هەبوو بەڵام دەیانگوت ئێمە مافمان پێشێلکراوە و دۆخەکە تەحەمول ناکرێت. ئەمڕۆ دۆخەکە پێچەوانەیە: قەیران و ئەنتاگۆنیزم هەیە، بەڵام چەپ هیچ وەڵامێک پێشکەش ناکات، ئەمەش هۆکاری ئەوەیە بەردەوام بەرەو مۆڕاڵیزم دەڕوات. دەبینم باس لە ڕاستی سیاسییPolitiquement Correct ، ئەم هەموو شتە لەسەر شێوازی قسەکردن و مافی هۆمۆسێکسواڵەکان، من لەگەڵ مافی هۆمۆسێکسواڵەکان و هەموو ئەو شتانەم کە ئێوە داوای دەکەن، بەڵام ئایا ئەمە تاکە وەڵام و کاردانەوەیە؟ ئەگەر وابێت، ئەوا دەتوانین هەموو شتێک دابخەین.

❊ سەرچاوەکان کە تەواوی دیدارە ڤیدیۆییەکەی تیایە...

https://www.youtube.com/watch?v=1xlknHFYYPk

https://www.youtube.com/watch?v=bjigWOxORUs

https://www.youtube.com/watch?v=hHNpUfoN6o8